# دەست خۆشی و ڕەخنەیەک لەوەزیری تەندروستی .

قادر نادر

ماوەیەکە نەخۆشی کولێرا لە کوردستان بڵاو بۆتەوە ، تا پێم کراوە هەواڵ و زانیاری و دیدارە تەلەفزیۆنەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە گوێ بیست و بخوێنمەوە . ئاخر ئەمە کارەساتێکە کە ژمارەی هاولاتیانی بەردەستی هەموو دەسەلاتی کوردی نەگاتە 4 ملیۆن و داهاتی سالانەشی تەنیا لای حکومەتی عێراقی( جگە لە کوردستان) لەسەروی 6 ملیار دۆلارەوە بێت ، کە چی خەڵکی کوردستان ئاوی پیس بخواتەوە ؟؟ .

ئەوەندەی سەیرم کردبێت ، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان( د زریان ) زۆر بە ئاکتیڤی بەدوای ئەو مەسەلەیە دادەچێت و وەک خەم خۆرێک لە میدیاکان بەدیار دەکەوێت ، وەلێ ئەگەر ئەمە بۆ مەسەلەیەکی ڕیکلامیش لێک بدەینەوە ، بەڵام ناکرێت بەشێک لە ووتە و ڕاگەیاندنەکانی ، کە دەری بڕیوە ، دەست خۆشی لێ نەکرێت .

لەسەرەتای بڵاو بونەوەی نەخۆشی کولێرا لە شاری سلێمانیدا ، د زریان بە ڕاشکاوی ، ووتی( ئاوی سلێمانی تنۆک تنۆکی پیسە ) ... ئەم ڕاگەیاندنە لە زاری وەزیرێکی کوردستان ووتەیەکی گرنگە ، کە بەئاشکرا پەردە لەسەر تاوانێک هەڵدەداتەوە ، کە دەرهەق بە هاوڵاتیان کراوە !!؟؟ کە هەق وا بوو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسان ، ئیمرۆ وەک تاکە لایەنێکی ئاکتیڤی خەم خۆری میللەت ، بەشێکیان کە شەڕ لە پێناو باشتر کردنی ژیانی هاوڵاتیان و جوانکردنی سیمای سیاسی دەسەڵاتی کوردی دەکەن ، هەڵوێستەیەکی جدی تریان لەسەر بکردایە ؟؟؟؟ وەک هۆی چیە ئاوی سلێمانی پیسە ؟ وەکام بەرپرس تاوانبارە لەم بارەوە؟؟؟

لەمەی گرنگتر ئەو زەنگە مەترسیدارەیە کە دوبارە وەزیری تەندروستی بە گوێمان دەچرپێنێ و هاوڵاتی و ڕۆژنامەکان لە ئاستی لێکدانەوەو بە دوا چونیان کەمە !!! کاتێک دەلێت دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر فریا نەکەوین کارەساتێک بەڕێوەیە (1)

بەندە لەدوای ڕاپەڕینەوە تا توانیومە لە نوسین و ئاخافتندا، دیاردە قێزەوەنەکانی دەسەڵاتی کوردیم داوەتە بەر ڕەخنە و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیم لە بەرامبەری کردوە ، بەڵا م هەقە ئەم ووتەیە لەزاری وەزیرێک بە نمونەی شەفاف و خەم خۆری لە بەرامبەر گەلەکەی هەلبسەنگێرێت ، چونکە یەکیک لە پێوەرەکانی دڵسۆزی بەرپرسانی سیاسی ، ئەوەیە کە کارەسات بەر لەوەی ڕوبدات بیگەیەنێتە هاوڵاتیان و هوشیاریان بکاتەوە . هەر لەم بوارەدا لە وڵاتی سوێد دوای کارەساتی تسۆنامی سەرجەم دەزگا سیاسیە بەرپرسەکان لێکۆلینەوەیان لەگەل کرا ، کە یەکیک لە پرسیارەکان ئەوە بوو کە ئایانەدەزانرا کارەساتەکە ڕودەدات ؟؟؟ وەلە بەرامبەر کارەساتی 11 سێپتێمبەریش بینیمان ، کە چۆن بەشێک لە بەرپرسانی پلە بەرزی ئە مەریکی درانە دادگا ، کە ئایا زانیاریان لانەبوو کە ئەم کارەساتە رودەدات ؟؟.

بەلام پێویستە ئەو پرسیارانەش ئاڕاستەی وەزیری تەندروستی بکرێت ، ئەرێ بەراست بەر لەبڵاو بونەوە ی نەخۆشی کولێرا ، نەتان دەزانی ئاوی کوردستان پیسەو بەکەڵکی خواردنەوە نایێت ؟ وە کێ بەرپرسە لەو پیسیەی ئاو کە بۆ هاولاتیان دابین کراوە؟ ئەی بۆپێشوتر هەوڵتان نەداوە پێشی بگرن ؟

ئاخر ئەم گەلەی ئێمە ناپرسێت هۆی چیە ئەو هەموو خەلکە بەسەرەتان ، سەکتەی قەلبی و دەیان نەخۆشی تر ڕۆژانەدەمرێت و دەیگرێت ؟ لە مالپەرە کوردیەکان ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو ئاردەی بایەعی دابەش کراوە ، هۆکارێکە بۆ سەرەتان و نەزۆکی (2) ... ئەی هەق نیە لە حکومەتی کوردستان بپرسین ، دوای 16 ساڵ لە تەمەنی سیاسی و ئیداریدا ، چۆن مامەڵەی کردووە، لە هێنانی خواردن و خواردەمەنی بۆ هاولاتیان ؟ وە چەندە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەری، کەمەرجە تەندروستیەکانی تیایە؟؟ ئاخۆ دەبێت هەر ئەو ئاردە بایەعەی کەدابەش دەکرێت ،چە ندە هاوڵاتی ئەم نیشتمانەی ئێمەی بەنەخۆشی سەرتانەوە لە باوک و براو خوشک و دایک بردبێتە ژێر گل وە چۆن توانیویەتی هەزارەها باوک ودایک بێ باوەشی منداڵێک بکات ، کە هەزارەها کێشەی کۆمەڵایەتی لێ پەیدا ببێت .

ئەوەی چاوی بە کوردستان بکەوێت بەتایبەتی لە شاری هەولێر دا ، هەست بەوە دەکات بەرپرسانی ئەم نیشتمانە وا

کوردستان بەرەو دوبەی ئاسا دەبەن لە بازار و تە لار وهەندێ گەرەکدا ، ئەمە جگە لەبونی دەیەها ئامێری تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو . بەکورتیەکەی هەموو ئەو بوارە تەکنەلۆجیایەی کە دەستکەوتی مادی تیایە بەشێوە عادیەکەی لەنیشتمانی ئێمەدا هەیە ،.بەلام ئەوا دەبینین وەزیری تەندروستی ، چۆن باسی ئەوە دەکات کە ئاوی خواردنەوەی کوردستان بەکەڵک نایێت ؟؟؟ ئەمە باس لەکارەبا و سوتەمەنیش ناکەین ، کە بەرپرسان پاساوە سواوەکانیان 16ساڵە لە گیرفاندایە .

تخوا خەڵکینە شەرم نیە بەرپرسانی کورد، باس لە مەدەنیەت ، نیشتمان پەورەری ، ئاوەدانی و پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکەن ، کە چی لەملاشەوە ئاوی خواردنەوە کە یەکێک لە پێداویستیە رۆژانەیەکانی ژیانە ، پیسە !!؟؟؟

1/ رۆژنامەی رۆژنامە 59 2007/9/13
2/ رۆژنامەی رۆژنامە 60 2007/9/14